

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها .

**ژمارە ١٧ـ ١٤ی گوڵان ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

زانا شەریفیان
موحسین سوبحانی
عەباسی فەنایی
سەدەف فرووغی
هێمن ئەمینی
پەروین شێخی
ڕەحمان جەنگ
بیژەن ڕەحمانی
ناسر ڤەتحی
شەرمین ساڵحی

**وتوووێژ:**

سەحەر بەرکەند لەگەڵ مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

ڕزگار لوتفی

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٠ ...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی



RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- وتووویژ
- چیرۆکی میوان
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی


**١٤ی گوڵان ٢٧١٨**

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «ڕۆژ»

دوای قیژەو هەرای زۆر و گەڕانەوە لە مزگەوت ؛ شەڕی تازە دەستی پێ کرد، کێ ئاگاداری خاڵۆم بێت؟!

دوای مردنی نەنکم هەموو هەوڵی ئەوەیان بوو تا ماوەییێک کەسێک ئاگاداری خاڵۆم بێ تا بیرێکی بە تەواوی بۆ دەکەن، هەرکامیان کێشەی تایبەت بە خۆیان بوو پاساوێکیان بۆی دەهێناوە ، خاڵۆ مستەفام منداڵی وردی بوو، پوورە مریەمم ماڵیان دوور بوو نەیدەتوانی هەموو ڕۆژێک خۆی بگەیێنێتە ئەوێ، تەنیا دەماوە مینای دایکم.

دوای گرمەو هەرای زۆر گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە من بچمە لای بمێنمەوە؛کە لەم سێ مانگە بەهارەدا خودای تعالا نورێک خاتە دڵمەوە بتوانم بۆ زانکۆییێکی باش دەرچم، لەولاشەوە خاڵۆم لەم ماوەدا تەنیا نەبێت و بتوانن کارێکی بۆکەن.

بەیانی پێش ئەوەی لە خەو هەستم دایکم تەواوی کتێبەکان و جل و بەرگەکەی بۆ کۆ کردبووم و لەبەر دركا حازر و ئامادە دایانابوو ، دایکم ئەوەندە هاتە سەر سەرم تاکە ئاخری بە هەزار شەڕ و قڕە هەستام.

گەیشتنە ماڵی خاڵۆم هەر وەی و کێشەکان هەر وەی.

دوو دیو و هاڵێک لە خوارەوە لە سەریشەوە بەهار خەوێک بوو کە مەحموودی شێخی ڕۆژ و شەوی لەویادا تێپەڕ دەکرد ، یاساکانیان وا دانابوو من تەنیا ئاگام بێ خاڵۆم بۆ هیچ کوێ نەچێت هاوسێییێکیش هەموو ژەمێک خواردنمان بۆ بێنن و پووڵێکی بدرێتێ .

خاڵۆ مەحموود ڕۆژانە پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و، لامپەکانی هەڵدەکرد و لێ دەخەوت و، شەوانەش کە دا دەهات پەردەکانی لادەداو لەبەر پەنجێرە ڕوو بەدەرەوە دادەنیشت و لە پەنای گوڵدانەکەی بەر پەنجێرەکە دەستی بە ئەژنۆوە دەگرت.

لە هەوەڵەوە کە لە حەوشەوە سەیرم دەکرد بێ وچان ئەم کارەی درێژە پێ دەدا.

تەنیا شتێک کە لەبیری دا نەبووم خوێندن بوو ماوەییێک بوو دڵم بە کچێکەوە بوو کە دەمویست زوو بچمە سەربازی و بیهێنم.

کات و ساتەکە تایبەت بە خۆم بوو ڕۆژانە دەخەوتم و شەوانیش لە فێنکایی حەوشەدا دادەنیشتم بە تەلەفوونەکەی گوێم تا درەنگانێ دەم و دڵ لای یار و چاوەکانم ڕوو بە خاڵۆمەحموود ، وای لێ هاتبوو چەن حەفتەییێک کە پێ چوو تەواوی بیرم چبووە لای خاڵۆم بۆچی وای لێهاتە هۆی ئەم دڵ بە تاریکیە چیە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ تێ پەڕ دەبوو.

ڕۆژێکیان ساعەت یازدە لە شیرین خەودا دەنگی درگا بەرزەوە بوو وتم حەتمی داوای خێر دەکەن گوێم نەدا ، دیسان دووپات بووە زۆر توندتر ، کە چوومە بەر درگا خاتوونێکی ڕەشتاڵ لەو دوو درکەکەوە بە دەنگێک پچڕ پچڕ وتی ، کاک مەحموودی شێخی لە ماڵە ، منیش بە سەر سوورمانێکەوە وتم ئێستا ڕۆژە خاڵۆم تەنیا شەوانە دەر ئەکەوێت، هاتم درگاکە پێوەدەم وتی کاکم ڕاوەستە پێی بڵێ وڵامی نامەکەم بۆ هێناوە ، زۆر بە ناڕاحەتیەوە وتم خۆت پێی بڵێ فەرموو . لە حەوشەوە دەنگی هەڵبڕی ، مەحموود ، مەحموودی شێخی، وڵامی نامەکەم بۆ هێناوی ، مەحموود ڕۆژ بۆ دەبێ بۆ مردن بێت با ئەمجارە ژیانی تێدا بێت مەحموود نامەکەت ئەوەتا. کە چاوم کرد نامەیێک بەدەستیەوە بوو لە ناکاو خاڵۆم لە پشت پەنجێرەکەوە پەردەکەی بە دەستی لاداو سەیری دەکرد ، من تەنیا چاوم لە نامەکە بوو بڵێی چی تێدا نووسرابێ؟ !

هەر ئەوەندە ئاگادار بووم نامەکەم لە سەر زەوی هەڵ گرتەوە لە چەن هێڵا نووسرابوو

"من مەحموودی شێخی کوڕی مامم ، لە ڕۆژدا دایکم و مامم بڕیاریان بۆ مندا ، لە ڕۆژدا لە دایک بووم ، لە ڕۆژدا ئاگاداری ئەم باسە بووم ، لە ڕۆژدا باوکە پیارەمم لە دەس دا، لە ڕۆژدا تۆ لە دەس دەدەم دڵم".

نامەکە بۆ پازدە ساڵ لەو پێش بوو.

کە سەرم بەرزەوە کرد دەنگی گریان لە بەهار خەوەکە دەهات.

کە چوومە سەرەوە خاڵۆم دی هەر ئەوەندەم توانی تەلەفوونەکە هەڵگرم.

_سڵام مینا.

_بەڵێ فەرموو.

_مینا خاڵۆ مەحموود.....

• زانا شەریفیان



## «فۆبیای هەتاو»

لەوەتی دەمناسی سڵی لە هەتاو دەکرد. ئەو لە ڕووناکی وەڕس نەبوو. بەڵکوو ئەوەی ئەوی تووڕە دەکرد ئەوە بوو کە هەموو دنیا خۆر بە هێمای ڕووناکی دادەنێن.

بۆیە هەم لە خەڵک و هەم لە تاو هەڵدەهات و ڕۆژانە پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و لامپەکانی هەڵدەکرد و لێدەخەوت و شەوانەش دەردەکەوتە دەرێ. دەیگوت خۆر چی لەم دیکتاتۆرانەی سەر ئەرز کەمترە؟! چی؟! تۆ بڕوانە، تینی ڕۆژ زیاتر گەیشتۆتە هەر شوێنێکی ئەم ئەرزە ئەو وڵاتە هەژارترە! تەماشاکە چەن زاڵمە هەتاو! کە گەیشتە لووتکەی خۆیشی پڕتینتر دەبێ و بێ بەزەییتر. ئەودەم هەتا سێبەریشت بۆ ناهێڵێتەوە! کام دیکتاتۆر هێند بێڕۆحمە؟! کام؟! تۆ نازانی! تەنانەت جیاوازی ڕەنگی پێست و نەژادەکانیش لە ئەستۆی هەتاوە! گەر ئەو نەبوایە نەوەکانی ئادەم یەکڕەنگ دەبوون و لە کاسەیەکدا ئاویان ئەخواردەوە!

بڕواکانی لەمەڕ هەتاو ئەگەرچی لۆژیکێکی لە پشتەوە نەبوو بەڵام هیچکات نەمویست لەوبارەیەوە بیدوێنم. لەو شەوانەی کە پێکەوە دەڕۆیشتینە دەرەوە ئەگەر ساماڵ بایە و ئەستێرەبەندان، ئەوا دادەگیرا و سوخنی مانگ و ئەستێرانی دەکرد. چوونکە ئەو لای وا بوو ئەوانە مشەخۆری هەتاون. بەڵام هەرکە تاریکەشەو با یان هەور و هەڵا بایە هەستی دەکرد بەسەر هێزێکی گەورەی گەردووندا سەرکەوتووە. لەو شەوانەدا ئەرخەیان پیاسەی دەکرد و دڵخۆش بوو بە هاتنەدەرەوەی.

ئەمشەو لەو شەوانە بوو ئەستێران لێفی هەوریان بەخۆ دادابوو. تاریکەشەو بوو و تروسکەیەکێش لە ئاسمانەوە نەدەهات. لەمێژە بوو لەسەر تەختی نەخۆشخانەکە هەر دووکمان سڕ کەوتبووین. لەسەر تەختەکەی بەرامبەرم بە خەمگینی ڕاکشابوو. پشتی لە من و ڕووی لە پەنجەرەکە کردبوو. تێڕامانێکی قووڵ تێڕامابوو. لەوەتی دوکتور هۆکاری نەخۆشییەکەی بۆ ئەوە گەڕاندبۆوە ساڵانێکی زۆر لەبەر تیشکی هەتاو کاری کردووە، بێزاری لە تاو ببوو بە گەورەترین فەلسەفە و دنیابینیی. دەمزانی لە ئێشی پێست و جەستەی هەموو گیانی دەقرچێنێ، کەچی ئەو دوو پەرستارەش کە هاتن یارمەتی بدەن جلەکانی بۆ بگۆڕن نەیانتوانی ئەو حاڵەی لێ تێک بدەن.

برینەکانی سەر جەستەی و جێی سرۆم و دەرزییەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لکەکانی سەر جەستەی گەورەتر و زیاتر دەبوون. لەو دواییانەدا بۆ خۆیشی هیوای بە چابوونەوەی نەمابوو. وەک خۆی دەیگوت: هیوا لاوازترین نەخۆشی ئێرەیە.

من وەک هەمیشە چاوەڕوان بووم ژن و منداڵەکەم لە نهۆمی خوارەوە بێن بە دووما. ئەویش وەک هەموو جارێ چاوەڕوان بوو ئێشی دوای شیمی دەرمانییەکەی هێور بێتەوە و بە تەنها لەو دەیجووردا پیاسەیەک بکات!

• موحسین سوبحانی



**(١)**

**«ئەمنی»**

ڕۆژانە پەردە ڕەشــە ئەســتوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و، لامپەکانی هەڵدەکرد و لێ دەخەوت و، شـەوانەش لامپەکانی دەکوژاندەوە و پەردەکانی لا دەدا و، تا بەیانی لەپشـت میزی کارەکەی دادەنیشـت و دەفتەرێکی لەبەر دەسـتی دادەنا و، لاپەڕەیەکی سـپی تازەی هەڵدەداوە و، نووکی قەڵەمەکەی دەخستە سەر سەرەتای هێڵی حەوتەمی لاپەڕە سپییەکەی بەردەستی و، بە قەولی وێنیای کچم چاوی دەکووژاندەوە و، دەستی دەکرد بە نووسین و، تا ئێرە دەهات و، دەچەقی!

**(٢)**

**«بۆنی بۆن دەکا»**

هەمووجـارێ کە بەبەر دەرگـای مـاڵێیـان دا تێپەڕ دەبووم، پێش ئەوەی من فریـا بکەوم سـڵاوی لێ بکەم، ئەو دەمی گەزێک پان دەکردەوە و، سـڵاوی لێ دەکردم. هەمووجارێکیش ڕێک لەو کاتانەدا سەگەکەی پێم دەوەڕی و، ئەویش لێی توورە دەبوو و دەنگی دەدا.

ئەمڕۆ دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار من سـڵاوم وەپێش سـڵاوی ئەو کەوت و، ئەویش بە دەم سـەگ چغ دانەوە دەمی دوو گەز بۆ داچەقاندم و وەڵامی دامەوە؛ هەرکە دە هەنگاویان لێ دوور کەوتمەوە، وەبیرم هاتەوە کە جانتای پارەکەم لە ماڵێ لێ بەجێ ماوە. هەر بۆیە لە کاتی گەڕانەوەدا، ژنەم دیت پشت بە من دەستی لە ملی سەگەکەی کردبوو و دەیلاواندەوە و پێی دەگوت: "بۆنی گیان، زۆر زۆر داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە هەمووجارێ لەســەر ئەو پەنابەرە پیسانە لێت توورە دەبم!"

- **ناسر فەتحی**

# «کچەکەی تاریکی»

ڕۆژانە پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و، مۆمەکانی هەڵ دەکرد و لێ دەخەوت و شەوانەش دایمە بەخەبەربوو، شەو ڕۆژی تێکەڵ بەیەک کردبوو

ڕۆژانە دەم دی کە دەهاتە دووکانە بچووکەکەی مام کامەران کە بەرامبەری دووکانی دارتاشیەکەی من بوو، دەهات بۆ بردنی شتوومەک بۆ دایکی چونکە هیچ برایێکی نەبوو خاتوو گونیساری دایکیشی ژنێکی ماندووبوو و کاری بەرگدرووی دەکرد ناچاربوو نازەنینی کچی بنێرێ، نازەنین کچێکی ڕوو خۆشبوو دایمە ڕووخساری پڕ لە خەندەبوو چاو و پرچە ڕەشەکەی سەرنجی منیان ڕاکێشابوو زۆرینەی جار کەدەمبینی هێشتا چاوی بەخەوەوە بوو کەچی هێشتا جوانی لێ ئەتکا،

سەرنجی ڕاکێشابووم حەزم دەکرد لێی نزیکببمەوە بەتەواوی بیناسم بەڵام هەموو جارێک بووێری ئەوەم نەبوو

چون دراوسێمان بوو زۆر جار لە پەنجەرەکەیەوە سەیری نازەنینم دەکرد کە خەریکی قەلەم و کاغەزەکانی بوو شەوێ ڕێک لە بەردەم پەنجەرەکەی دانیشتبوو منیش لە سەربانەکەی خۆمانەوە سەیرم دەکرد سەری بەرزکردەوە چاوی بەمن کەوت سەرەی خۆی کزکرد بۆ جاری دووەم سەری بەرزکردەوە من هەر چاوم هەڵنەگرت دووبارە سەری کزکردەوە بەڵام بۆ جاری سێیەم کە ئەوەی بینی سەرێکی لەقاند بەواتایی ئەوەی چ باسە؟

ئەو شەوە من چوومەوە خوارەوە و بۆ سەر جێگاکەم تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت هەر بیرم لێی دەکردەوە بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە دووکانەکەمم نەکردەوە هەواڵیان بۆ هێنام کە نازەنین چوبوویە دووکانەکەم و من لەوێ نەبووبووم گوتم لەوەیە هاتبێت تا تورەی شەوی لەمن خاڵی بکاتەوە لەو بیرانە بووم لەدەرگا درا دایکم دەرگاکەی کردبوویەوە بانگی کردم وریا وەرە کاریان پێتە کەچووم نازەنین گوتی دەکرێ کەمێک قسان بکەین منیش فەرمووم لێی کرد داوام لێیکرد دابنیشێ بەشەرمەوە هاتەژوورەوە منیش وەک ئەوە ڕەفتارم کرد کە هیچ شتێک نەبێ، گوتم خاتوو نازەنین شتێک هەیە بتەوێ پێمی بڵێی؟

گوتی ماوەیێکە ئاگادارم دایمە چاوت لەسەر منە تۆ بەمنی بڵێ شتێ هەیە؟

چەند جارێک ویستم پێی بڵێم کە سەرنجتان ڕاکێشاوم بەڵام توانایی ئەوەم نەبوو زمانم بووێری ئەوە نەبوو

کە زانی من شتێک ناڵێم خۆی دەست پێش خەربوو گوتی واسادە لە ئافرەت مەڕوانە ئێمە زووتر هەست بە گۆڕانکاریەکان دەکەین وامەزانە بەیانیان

کە دەهاتمە دووکانەکەی مام کامەران هەمەڕەکی نەدەهاتم هەمیشە ئەوکاتانەیی تۆم دەبینی لە بەردەرگایی دووکانەکەت دانیشتبووی دەهاتم چاوەڕێبووم ڕۆژێ ڕێم پێبگری و ئەوەی لە ناخ و بیرتە پێمی بڵێی

شەو کە تۆم بینی تێگەیشتم تۆ ناتوانی هەستی خۆت بە من،

ئەوکات زانیم کچەکەی تاریکی زۆر لەپێشەوەی منەوە سەرسام بەمنبووە بەڕادەییێک توانەی ئەوەی پەیداکردبوو ئەمڕۆ لە ڕووی من ئەوانە بڵێ و هەستی خۆی دەربڕێ هەرچی لە ناوەوەی پەنگی داوە هەڵی ڕێژێ.

• عەباسی فەنایی



## «مەرگی شەو»

ڕۆژانە پەردە ڕەشـــە ئەســـتوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و، لامپەکانی هەڵدەکرد و لێ دەخەوت، شـــەوانەش چرای ژوورەکەی دەکوژاندەوە و پەردەکەی لا دەدا و پەنجەرەکەی دەکردەوە، سەندەڵییێکی ڕاکی هەبوو(لەوانەی کە پاڵی پێوە دەنێن و بەر و دوای پێ دەکرێ) لە ســەری دادەنیشــت، جگەرەییێکی دادەگیرســاند و چاوی دەبڕیە ئاســمان، ئاهەنگێکی هەبوو چ بوو ناوەکەی؟؟ ئەها،´´شـــیندلێرز لێســـت`` ئەوەی گرتبوو و منیش لەم بەری شـەقامەکەوە یان لەم بەری خەیاڵیەوە! لە نێو تاریکییێکی بێ سـنوور و ڕەشـاییێکی ناحەز سەیری ئەو پۆستێرەم دەکرد کە لە دیوارەکەی هەڵواسرابوو، وێنەی ڕەش و سپی پیاوێکی ترساوە، منیش پۆستێرێکی وەهام هەیە، پیاوەکە ئۆقیانووسێکی کێشاوە، ئاوەکە خەریکە بێتە سـەرێ کە ئەو نوقم بکا، ناتوانێ خۆی ڕزگار کات و دەخنکێ. بێزی لێ دێت کاتێک ڕووناکی دەیەوێت مردوەکان بشـــارێتەوە و لە نێو هەر تیشـــکێکیدا بیاننێژێت پێم وابێ نایەوێ کەس لەبیر کات و کەسیش لە بیری کات  دیسان هەتاو لەو گۆشەوە دەر دەکەوێ و پەردە ڕەشە ئەستوورەکە دادرایەوە.

• سەدەف فرووغی





## «ماکەی هۆشبەر»

"شەوتان کردۆتە ڕۆژ و ڕۆژتان کردۆتە شەو! بەزیاد نەبێ ئەو ژیانە!"

دایکی پێی دەگوت کاتێک سەعات ١٢ی شەو شێوەکەی بۆ دەبرد.

"بەڕۆژ پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و بۆی دەخەوت و شەوانەش کاتژمێر ١٢ی شەو تازە هەوەڵی دانیشتنی لە دیوەکەی خۆی بوو! بەرچایی و فراوینی کردبووە یەک و ئێواران بە دێروژوان دەیخوارد و بۆ پەیداکردنی جیرەی ڕۆژانەی وەدەر دەکەوت!

پێش ئەوەی بە خێراییەکی ئەوپەڕە نوور, فڕێدرێمە ئەو جیهانەوە, لەگەڵ ئاواڵ دوانەکەم بێ یەک نەدەژیایین! ئەوە هەموو قسەیە دەڵێن زۆرینەی مرۆڤەکان تاقانەن; نەخێر! هیچ واش نییە. نە مرۆڤەکان تاقانەن و نە دنیاش تاقانەیە! تاقمێک, ئاواڵ دوانەکەیان لەگەڵیان دێتە ئەو دنیایەو زۆرینەی خەڵکیش وەکوو من ئاواڵەکەی لە دنیای هاوتەریب دا دەمێنێتەوە. ئەو لەوێ نووسەرە و من لێرە موعتاد! جارجارەیەک بە دزییەوە قسە دەکەین. دەڵێ: "لێرە, ماکەی هۆشبەری لێ نییە. هەرچی هەیە; هۆشهێنەرە."

گڵۆپی دنیا لە حاڵی هەڵماسین دایە و هیچ ئیشتیای لە مەرگی من نییە! دەڵێی لە وەتەری ئەو بازنەیەوە قەڵەمبازێک لێدەم بۆ داهاتوو! کەوشەکانم کوا؟

• بیژەن ڕەحمانی

## «وانەی شەو»

دەیگوت: "شـــەوانە نەبێ دەرســـم بۆ نـاخوێنـدرێ." مەجبوور بـاوکی بۆ ئەوەی بیانووی پێ ببڕێ، ژێرزەمینەکەی خۆیانی بۆ کردە نیشتمان و لەوێ سەرقاڵ بوو بە خوێندن. تا هەوا خۆش بوو دایکی نان و چایی بۆ دەبرد. کە ســـاردی کرد، خۆی دەهاتە سەر.

ڕۆژی ئەزموونەکەی هات و نەگەیشـــتە پرسـیاری یەکەم هەسـتی کرد ئاوا هیچی بۆ وڵام نادرێتەوە. بە بەرپرسی ژوورەکەی گوت: "ببەخشە خانم؟! دەزانم زەحمەتیشی بەڵام من چاوم بە ڕۆشـنایی ڕۆژ هەڵنایە، قەیـدینـاکە پەردەکـان دادەنەوە؟! خەجاڵەتم..." پەردەکەیان دادەوە و سەرقاڵ بوو بە وڵامـدانەوە. دوای دوو مـانـگ وڵامی ئەزموونەکەی هاتەوە.

↩"غیر مجـاز در انتخـاب رشـــتە دورەهای روزانە"

"مجاز بە انتخاب در دورە شبانە یا نوبت دوم"↩

بەنـابەدڵی پووڵی چـاپی وڵامەکەی دا بە کابرای کافینێتەکە و تا ڕۆیشـــتەوە بۆ ماڵ لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

"ڕەبی لەشـت داڕزێ! ڕەبی لەشـت داڕزێ! هەر دەبـا بە شـــەو بتخێنـدایە؟! بەڕۆژ بتخێندایێ ئێستاکە بێ پووڵ ڕشتەیەکت دەخێند! جا چ دەڵێی بە بابت؟!"

• هێمن ئەمینی




## «ژووری تەنیایی»

هەموو بەیانییەک بەر لە هەڵاتنی خۆر، پەردەی ڕەشی ژوورەکەی دادەیەوە و بۆ چەن سەعاتێک بەدیار دوایین وێنەی کاکە و دایکی کە لە حەوشەی ماڵ خۆیان گرتبوویان و بە نیازبوون بۆ چارەسەری چاوی بەرەو تەبرێز ڕێبکەون؛ دادەنیشت و کاتێک بەهۆش دەهاتەوە دەیدی تا بانگی شێوان خەوتووە.

شەوانەیش پەردەکەی لادەدا و تاکوو بەیانی دەیڕوانییە حەوشە گەورەکەیان، حەوشەیەک کە ئیتر شوێنەواری هیچ ماشێنێکی تێدا نەبوو.

• هێمن ئەمینی



## «دوایین هەناسە»

ئەو ڕۆژە وەکوو هەموو ڕۆژانی پێشوو' پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی داداوە و' لامپەکانی هەڵکرد و دەرکەی داخست و لێی خەوت!

وەکوو هەموو ڕۆژێک لەو کاتەدا' دایکی دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: ئەوە دیسان بەزمەکەیە! ئەو لامپانە بۆ هەڵدەکەی؟! کوڕی من لانی کەم لامپەکان بکووژێنەوە هەر ئێستا باوکت دێتەوە و دەست پێدەکا و دەڵێ: ڕۆژی کردۆتە شەو و شەوی کردۆتە ڕۆژ! ئەی لەو بەدبەختییە!

بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو کە بێ دەنگ دەبوو' بە پرتاو هەستا و دەرکەی کردەوە و نەڕاندی: بەسە بەس لێم گەڕێن با بتۆپم لامپەکان ناکووژێنمەوە تەواوی کەن تەواو!

مشتێکی لە دەرکە دا و بە توندی پێکیدادا و دایخستەوە!

خۆی بە تەختەکەی دادا و دەمەوڕوو ڕاکشا' ئەو فکرە هاتەوە سەر مێشکی و وازی لێ نەدەهێنا هەوڵی دا بیری لێ نەکاتەوە' خۆی مات کرد بەڵکوو خەوی لێبکەوێ بەڵام سوودی نەبوو زۆری ئەم بارو ئەوبار کرد کەوتە سەر پشت' قەدرێک لە ژوورەکەی ڕوانی و لە ناکاو هەستا و دەرکەی کومێدەکەی کردەوە چاوی لە جانتا وەرزیشیەکەی بڕیبوو دەستێکی لە سەر دانا و مات بوو سەری داخست خەونووچکە دەیبردەوە و لەو حاڵتەدا مابۆوە لە ناکاو ڕاچڵەکی' دەستی دایە کارتۆنێک و لە کومێدەکەی دەریهێنا و لە ناوەڕاستی ژوورەکەی داینا' بە ئەسپایی لە تەنیشت کارتۆنەکە دانیشت و سەرەکەی هەڵداوە' یەکە یەکە دەریهێنان' هەر کامێکی دەردەهێنا هێندێکی چاو لێدەکرد و دەستێکی پێدا دێنا و لەو لاوە ڕیزی دەکردن' دواهەمین دانەی دەرکێشا' بە دەنگی بەرز خوێندیەوە:"کسب مقام اول دوچرخه سواری استانی"!

ئاخ چ ڕۆژێک بوو!

ڕۆژێکی بەهاری بەیانی سەعات چوار لە بۆکانەوە بەرەو ورمێ بە پێداڵ لێدان وەڕێ کەوتین' سی کەس بووین لە هەموو شارەکانی ئوستانەوە' زۆر باشم پێداڵ لێدەدا نیزێک ورمێ باران دایدا' هەموو گیانمان خووسابوو گوێم لە باران نەبوو بە تەواوی هێز و توانامەوە پێداڵم لێدەدا' ئاوڕم داوە هاوڕێکانم زۆر لێ دوور بوون' گەیشتمە هێڵی ئاخر' سووتی کۆتایی لێدرا...

قەتعەکەی لە دەست بەربۆوە و شووشەکەی بوو بە دوو کوتەوە' قەتعەکانی یەکە یەکە هەڵگرت و بە دیوارەوەی هەڵپەستێرا; "کسب مقام اول شنا' کسب مقام اول دو میدانی' کسب

مقام اول ژیمنا ستیک' رتبە اول دانشگاه تربیت بدنی..."

خۆی بە تەختەکەی داداوە و لە سەر پشت ڕاکشا و دەستی خستە ژێر سەری و چاوی لە بن میچ بڕی!

بە کاری چی هات ئەو هەموو پلەیە؟ خوێندن و زانستگا و مەستەر و...

خەو دایگرتبوو وەنەوزی دەدا و وڕێنەی دەکرد' پرخەپرخەکەی' دایکی ئەرخەیان کرد کە ئەهۆن بۆتەوە!

ئێوارێ تاریکان وەخەبەر هات' پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی لادا و لامپەکانی کووژاندەوە و بە لارەوە لارەوە ڕۆیشتە بەر پەنجێرەی ژوورەکەی' سیغارێکی داگیرساند و بەرامبەر بە ماڵەکەیان ڕاوەستا'دوو مژی قووڵی لە سیغارەکەی دا و بە دووکەڵەکەی بازنەیەکی ساز کرد بازنەیەکی دیکە و بازنەیەکیتر' زۆر لێهاتووانە ئەو بازنانەی تێکهەڵکێشا! وەبیری هاتەوە ئەو شەوەی شادی لەبەر پەنجێرەی ماڵی خۆیانەوە بۆ یەکەم جار ئەوی دیتبوو بە دووکەڵی سیغارەکەی بازنە ساز دەکات بۆ ئەو سەرنج ڕاکێش بوو و عاشقی ئەو کارەی مەسعوود بوو!

پەردەی ماڵە کەیان دەجوولێتەوە کەسێک خۆی حەشارداوە و چاوی لێدەکات! دەبێ شادی بێ! نا ڕەنگبێ کچەکەی بێت یازدە ساڵی تەمەنە' پازدە ساڵ لەو ڕووداوە تێپەڕیوە' تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو'حەقی بوو بەستزمانە' بە لای منەوە دانیشبایە ئەویش وەکوو من ...

ئەوە دەڵێی چی کا حەمە؟ کاری چی و شتی چی؟ بەڵێ بێکارم تۆ دەڵێی چی شادی؟ خوێڕی؟ئەی تۆ شەهلا دەڵێی چی؟من ژیانی نەباتیم هەیە؟لە کۆما دام؟تۆ دوکتووری خوشکی من! عیلاجم چییە؟بابە ئیدی تۆ هیچ مەڵێ بە درێژایی تەمەنم وەرزی هاوینم لێ حاڵی نەبوو شاگردی بەستەنی خانەکەت بووم!

ئەرێ' من تەرمێکی زیندووم بۆ هەر ئەزموونێک لە ژیانمدا جارێک مردووم من لە مێژ ساڵە مردووم!!!

بۆ ئاوا ئاڵۆزم؟! حەبەکانم نەخواردووە ئەو شەو هەمووی بە سەر یەکەوە دەخۆم داوا لە دایکم دەکەم چوار حەبم زیاتر بداتێ ڕێتالین و مێتادۆن و تڕامادۆڵ هەموویان وێکڕا دەکوتمەوە و دوو هەزاریەکی شەقی جێژنانەشم هەڵگرتووە دەیجا دەیپێچمەوە و... لە ئینتێرنێت سێرجم کرد نووسیبووی ئاوا کاریگەری زیاترە!

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و گوتی: تۆ بڵێی ئەو جارە ڕزگار بم؟!

دەستی دەلەرزی و سەری لە گێژەوە دەهات' بە سەختی خۆی گەیاندە لای دەرکەی ژوورەکەی' قفڵی دەرکەکەی سووڕاند نەیتوانی بیکاتەوە و کەوتە عەرزی' دەستی درێژ کرد گووشیەکەی هەڵگرت فرمێسکەکانی شۆڕاوگەی بەستبوو' ژمارەی خۆشەویستترین هاوڕێی گرت چەند زەنگی خوارد بەڵێ ...بەڵێ...ئەلۆ...

هەموو گیانی لە عارەقەدا خووسابوو' دوایین هەناسەکانی هەڵکێشا و چاوی بە مۆلەق وەستا!

نیوەڕۆیە و کاتژمێر دوازدە' پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی ژوورەکەی دانەدراوەتەوە و لامپەکان هەڵنەکراون!!!

• پەروین شێخی



## «ماریا»

بەو هۆیەوە کە ئەندامێکی ڕێکوو پێک و جوانی هەبوو، تەمەنی کەمتر بە چاوەی دەدا...پێشتر یەکێک لە ڕاهێنەرە لێزانەکانی سەما بوو و ڕۆژانە ڕاهێنانی بە کچەگەنجەکان دەکرد، بەڵام لەو کاتەوەی هەواڵی مەرگی مێردەکەیان پێ دابوو تووشی شۆک دەبێت و دواتر خەمۆکی دەگرێت. بە هۆی بێکەسی و بێپارەیی بۆ دۆزینەوەی کار ڕووی لە هەر کوێیەک کردبوو.

بە جووتێک پێڵاوی پاژنەبەرز و دامەنێکی کورتی ڕەشەوە لە پلیکانەکان ڕۆیشتە سەرەوە. قژە زەردەکەی تا ناوقەدی دەهات. درگاکەی کردەوە، لیستی مشتەرییەکانی لە بەڕێوەبەرەکە وەرگرت و کوتی:

ـ ئەم ژمارە شەشە کێیە؟

ـ مشتەری نوێمانە

ـ ئەم هەموو پارەیە؟ دڵنیام یا عەقڵی لە دەست داوە یا لە سەر گەنج دانیشتووە

ـ بەڵام، تا ئێستە کەس قەبووڵی نەکردووە، چاوێک لە پشت قاقەزە بکەیت پارەکەی بە زۆر نازانی.

دەنگی ئاواز و گۆرانی، لە نهۆمی خوارووی هۆتێلەکەوە دەهاتە گوێ. قاچە باریکەکانی لە سەریەک دانابوو و چاوی بڕیبووە ئەو دیوی قاقەزەکە...دوای چەند خولەک بێدەنگی هەڵسایەوە. چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و جگەرەیەکی داگیرساند و گەڕایەوە و کوتی:

ـ لە لایەن منەوە کێشەیەک نییە

ـ بەڵام...

ـ بەڵامی ناوێ ئەوەی ئێمە کارمان پێی هەیە، هەیە! ئێمەیش پارەی ئەوە وەر دەگرین نە شتێکی دیکە.

ناو نیشان و ژمارە تەلەفۆنەکەی وەرگرت و چەند هەنگاوێک دوور نەکەوتبووەوە، کە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە بانگی کردەوە و کوتی:

ـ ماریا! کوتوویە بە ڕۆژ نیم و تەنیا شەوانە پەیوەندیم پێوە بکەن، سەرێکی بە نیشانەی تێگەیشتن جوڵاندەوە و ژوورەکەی بەجێهێشت.دوای ماندوو بوون لە سەما کردن لە بەردەم گرووپی موزیک، لە سەر مێزێکدا دانیشت و داوای پێکێک شەرابی کرد. هێشتا کاتژمێرێک تا ئاوابوونی خۆر مابوو، بە پێڕەوەکاندا دەسووڕایەوە تا

هەوا تاریک ببێت، بیری هەر لە لای نووسینەکانی پشت قاقەزەکەوە بوو. کاتێ هەوا تەواو تاریک بوو، تاکسییەکی گرت و خۆی گەیاندە ناونیشانەکە. پیاوەکە پەردە ڕەشە ئەستوورەکانی لادا و درگاکەی کردەوە.

ماریا بە باشی پێشەوەی خۆی نەدەبینی بۆیە تا گەیشتە نێو خانووەکە، چەند جارێ قاچی لە شتەکانی بەر پێی هەڵدەکەوت. بۆ کلیلی گڵۆپەکان دەسووڕایەوە کە دەنگی پیاوەکە بەرز بووەوە:

ـ مەگەر چاوت لە مەرجەکان نەکردووە؟ ئەگەر ناتوانیت، هەر ئێستا بگەڕێرەوە.

هەتا ئێستا ئەوەندە دەنگی هیچ مشتەرییە نەیشڵەژاندبوو، وردە وردە لێی نزیک بووەوە، ڕوخساری لە نێو تاریکیدا ون ببوو، ڕوو بە ژووری نووستنەکە ڕۆیشتن. ماریا دەستی بۆ دەم و چاوی پیاوەکە دەکوتا کە دەنگی هەڵێنا:

ـ کاتێ بۆمبەکە تەقایەوە، دەم و چاوم هەڵتەکا. دوای چەندین نەشتەرگەری چاوێکم بۆ گەڕایەوە، بەڵام چاوێک و لووتم بە تەواوەتی لە دەست دا...

ڕووناکی مانگەشەو کەوتبووە سەر وێنەیەک کە لە سەر مێزەکە دانرابوو، پیاوێک بە جلی نیزامی و تفەنگێک بە دەستەوە، ئەوە دوایین وێنە بوو کە ماریا لە مێردەکەی هەیبوو!

• شەرمین ساڵحی



## «شەو دڕ»

لە کارگای چیرۆکی بێ سنوورەوە چاوی بە سنوورێک کەوت بەو شانە ئاوا چنرابوو:

"هاوڕێ لە ئێستاوە تا دوا مۆڵەتی دیاری کراو بەو ناوەرۆکە وا، پاڵەوان ڕۆژانە پەردە ڕەش و ئەستوورەکانی ژوورەکەی دادەداوە و گڵۆپەکانی هەڵدەکرد و شەوانەش... چیرۆکێک هەوێن کە".

نۆ و نیو بۆ دەی بەر لە نیوەڕۆ، تەمەنی نەوەت ساڵ بۆ سەرێ و ئەو جلیسقە بێ قۆڵە جحێلانەیە!!، لەو سێڕا قەرەباڵغە هەنگاوێک بۆ پێشەوە و هەنگاوێک دەکشێتەوە، چی دەکا وەبەر ماشێن نەکەوێ!

دەکشێتەوە سەر ڕێ ڕەوەکە.

وای زانی مشتەری کەل و پەل و ئامێرە و ڕوو دەکاتە دووکانە کانی دیکە کوتی:

خاڵە گیان فەرموو، چت دەوێ کام دووکان دەچی؟

ـ دووکانی چی! کوڕە دەچمە کومیتە(شوێنی یارمەتی داماوان) دەڵێن دوکتۆرێک لە سەقز...

لە پاش شکانی پەنجەی دەستی بۆ یەکەم جار بەو ڕاسپاردەیە دەستی دابوەوە قەڵەمەکەی.

قامکە تیتەی پاڵی وەپاڵ برا تیتەوە نەدەدا و وەکوو ماڵوو بە سەر دێڕەکاندا خێشکەی دەکرد. بە خێسەوە لە دەفتەرەکەی بەر دەمی دەڕوانی، وێدەچوو لە نووسینی وەها چیرۆکێک نەبان بێت. جار جارەش بۆنە ترشاوی ئەو هەوێنە هەڵاتەیە بە سەری دا دەهات و، لووتی پێ هەڵدەقرچاند. لە بەر خۆیەوە دەیکوت، شەوانەش! شەوانە چی؟ وا گریمان شەوانەش گڵۆپەکان هەڵدەکات و، لە گەڵ تەنیاییەکانی تا بەیانی بەشەق یەکتر دەهێنن و دەبەن. نەخێر و زۆرانی دەگرن، ئەو دەستی بە تەنگەی ڕەواوەی تەنیایی ڕاناگا و هەموو جارێک حیزانە وە بن دەکەوێت. دەنا ئەو سەرێکەی تەنیایی دەستی با دەدا، قوونی پێ دەسووڕێنێ و دایدە هێنێتەوە و تێر تێری خۆ پێوە دەنێت.

یان نا شەوانە لە گەڵ تەنیایی هێن جووتن موویان ناکەوێتە بەین و، بە دیار شەڕە پارۆوە لە سەر قاپ و قاچاخە بە تاڵە سەر بە ڕۆنەکان سەر پێکەوە دەنێن وبە درێژایی با بڕدەڵەی تەمەن گوریسێک لە بێ ئەنوایی دەهۆننەوە و؛ دواییش بە دەم کاوێژی شوکرانەوە خەست وخۆڵی ویشکایی دەلێسنەوە. دەی بۆڵاند: " گەلۆ هاوڕێ لێرە ئەو هەوێنەت نەک هەر

بۆ شـــەو ڕۆژانەش هەر فەتیر نییە". شـــەوانەش، ڕەنگبێ شـــەوانەش دەرک و کونی لە خۆی ئاخنی بێت، نەکا کەسێک لە قاوی دات، شەوانە تەنیایی چوەتە زگی و ئاوس بووە.

ـ بۆ ڕاست سەقز؟ ئەی ناو نیشانێک شتێک!


ـ دەڵێن ئەوەی سەقز پارە لە ئی وەکی من وەر ناگرێت.

خەڵکی ... بووین، دێیەکی دوورە شـــار بوو، کوتە بەراوێک و پەڵە دێمێکم زەوی هەبوو؛ پیرێژنەکەم "خەزاڵ" نەخۆشـــێکی سەختی گرت، برا و دراوسێ زەوێکانیان کڕیوە و بەشـــیـــان کردن. بەڵام خەزاڵ دەستی لە هەودای ژیان بەر بوو، ڕووناکی لە مـــاڵ بڕین و پەردەکـــانی داداوە جێی هێشتین. لە "کەریزە" دێیەکی نزیکە شار چـاوە خـانوویەکی پەنجا میتریم کڕیوە، کچەکـــان شـــوویـــان کرد و کوڕەکەش ماتۆڕێکی بوو لە بن بەردیش نانی پەیدا دەکرد. پێی دەچوو بۆ کار، شـــەوێکیان درەنگان لە بەر نێو دێ ماشـــێن لێی دا ئەویش هێنـــدی دی پەردەکـــانی ڕەش و ئەستوور تر کردن و ئێستا ...

شـەو و ڕۆژ جیاوازێکی ئەو تۆیان بۆ "مام ڕەشید"نەبوو.

ســی هەزاری پارە پێ بوو، بەڵام دووکتور جگە لە نەشـــتەرگەری چاوەکانی، هەر بۆ چـوونە ژوورێ ســـی و پێـنج هەزاری دەویســـت. بە هەر دووک چاوی من وتۆی لێـک نە دەکردەوە، ڕۆژانە پەردە ڕەش و ئەســـتوورەکانی دادەداوە و، شـــەوانەش گلۆپەکـــانی هەڵـــدەکرد؛ ئـــاخۆ کەنگێ سۆمای لە چاو دەبڕێت.

• ڕەحمان جەنگ



**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ّ̆ ّ̆ ّ̆ ،,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێیم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]


٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!



Nabil Hussein

# وتووویژ

## «وتووویژێک لەگەڵ مریەم قازی»

**دیداری: سەحەر بەرکەند**



**زاگرۆس شەرەفکەندی، مەعسووم خانمی خێزانی مامۆستا هەژار، مریەم قازی**

ئافرەت و نووسین بزاڤێکە بۆ ئەزموون کردنی هەستیارانەی ئەو تاڵیانەی ژیان کە لە زمانی ئافرەتانی خاوەن هزر و ئەندیشەوە داڕێژراونەتەوە. ئەمجارە لە بەرەوڕۆژهەڵات میوانداری خاتوونێکی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و چالاکوانی مەدەنی دەکەین کە هەر هەموو ژیانی دەکرێ بکوترێ دەرەتانێکە بۆ دەربڕین و نەوەستان و هەستانەوە. بەڕێز خاتوو مریەم قازی وەک یەکێ لە ژنانی هەرە تێکۆشەری بواری نووسین و ڕەخنە و چالاکی مەدەنی کورد بەردەوام لەم بەستێنە لە خەبات هەنگاوی ناوتەوە.

**سەحەر بەرکەند:** مریەم خانم زۆر بەخێربێن. سپاس بۆ ئەوەی کە ئەرکتان خستە سەر شانی خۆتان و میوانی تەوەری ئێمە بوون. مریەم خانم وەک یەکەم پرسیار عەرزم کردن کە پێمان خۆشە بەر لە هەموو شتێک خاتوو مریەم قازی باشتر بناسین.

**مریەم قازی:** من دانیشتووی شاری مەهابادم. ساڵی ١٣٤٢ لە مەحکەمەی قازی کەریم لەدایک بووم. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە زۆر هۆگری حەکایەت و گێڕانەوەکانی حەکیم ناوێک بووم کە لە ماڵە باپیرم کاری دەکرد وە هەروەها ئەو حەکایەتانەی دایکم بۆی دەگێڕاینەوە منی زۆر هۆگری ڕەوایەت و گێڕانەوە کرد. مرۆڤ زاتەن بوونەوەرێکی بگێڕەوە و ڕەوایەتگەرە، هەر لەسەرەتای شارستانییەتی بەشەری تەنانەت ئەودەمەی هێشتا زمان نەهاتبووە کایە، مرۆڤ بە کێشانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان خەریکی گێڕانەوە بووە. هەر بەو هۆیانەی باسم کردن منیش هەر لەسەرەتای منداڵیمەوە ئەم توانایەم لەخۆمدا هەست پێکرد و بەدووی داچووم ، گێڕانەوە ئەم سەمەرەترین و تایبەتی ترین توانای بێوێنەی بەشەر! لە پۆلی سەرەتاییدا کە ئەودەم شانۆ و شتیان دادەنا لە کلاسی پێنجومی سەرەتایی وەک لەبیرم بێ وەکوو یەکەم کەس بەشداری نووسینی شانۆنامەی زۆر ساکار و سەرەتایی بۆ قوتابخانە بووم هەرچەند هیچکات گرینگی پێویستییان پێنەدەداین و وردە وردە لە زەنگی ئینشادا کە ئەودەم یەکێک لە وانەکانی قوتابخانەکان بوو زۆر دەورێکی چالاکم هەبوو و بەردەوام هاتمە پێشێ و هەتا ئێرە گەیشتمێ کە توانیومە زیاتر لە ١٩٠ چیرۆکم هەبێ. چیرۆکی کورتم هەیە. ٣٥ دانە لە گردوکۆیەک بە نێوی " هاتنە ژوور قەدەغەیە " چاپ بووە. ئەوانەی دیکەش بە شێوەی بەربڵاو لەسەر تێلگرام و فەیسبووک و گۆڤارەکانی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشوور بڵاو بوونەتەوە و هێشتا نەمکردۆتە مەجموعەیەک لە کتێبێکدا و هەروەها چیرۆکێکی دیکەشە

بە نێوی " زیندە بە گۆڕ " کە ئەودەم بە هۆی وەی کە خاوەنی سەبک و شێوازی تایبەت و جیاواز و دەتوانم بڵێم دارِشتنێکی نوێ بوو، ئەویان جۆ کردەوە لە چیرۆکەکانی دیکە و بە تەنێ چاپیان کرد. لەبەشی وەرگێرانیشدا شانۆنامەکانی دکتۆر سادقی زۆر سرنجی منی بۆلای خۆی کێشا و تەقریبەن هەشت شانۆنامەی ئەو بەرِێزەم وەگێراوەتەوە. هەروەها دوو رۆمانم هەیە وەلی چاپم نەکردووە. بەنێوی " ژیانم خۆش دەوێ" و " کاتێک خاک بە خوێنی خۆی تینوو دەبێ " زۆر وردەکاری کاری دیکەش. وتاریشم هەیە لەو گۆڤارە جۆربەجۆرەکاندا بلاو بۆتەوە وتارەکانی کۆمەڵایەتی و هەروەها خوێندنەوەی رۆمانەکانی وەک شاری موسیقارە سپییەکان و دوامین دانەی هەنار لە کارەکانی بەختیارِ عەلی و رۆمانی دەغدوو

**سەحەر بەرکەند:** زۆر سپاس، بەردەوام بن. مریەم خانم جەنابتان رەوتی چیرۆکنووسانی ژنی کورد چۆن دەبینن؟

**مریەم قازی:** بە گشتی کارەکانی نووسین، ژانری ئەدەبی لە بەشی چیرۆک و رۆماندا لاواز نییە لە رۆژهەڵات. نووسەری زۆر باش وەک کاک عەتا نەهایی، وەکوو زۆر کەسی دیکەمان لەو پێیەدا هەیە کە لە کوردستانی رۆژهەڵات کاریان کردووە بەڵام دە مۆردی وەیدا خانمەکان تا چ رادە توانیویانە لەو بەستێنەدا کار بکەن ئەو جورەی کە دەبێ بەداخەوە لە گۆرِێ نین، ئەنگۆشتشومارن،تاقولۆقن، دەگمەنن و ئەگەر هەشن چالاکییەکانیان بەردەوم پێیگیر و پرِ دەسکەوت نییە دەنا ئیستیعدادی زۆر باشمان هەیە وەک چنوری سەعیدی و زۆر کەسی دیکە کە حزوری زێهنم نییە ئێستا. چیرۆکنووسی باشمان هەیە ئەمما بەداخەوە ئێستەکونێ ئەو ژانرە ئەو جورەی دەبێ وەکوو ئەرکێک روویان تێ کردبێ و بیانهەێ کە لە بەشی چیرۆکیشدا ئێمە خاوەنی بەرهەمی باش و پرِ دەسکەوت بین کە بکرێ بڵێین لەو ژانرە هونەرییەشدا توانیومانە چۆن خۆمان نیشان بدەین بەداخەوە لە نێو خانمەکاندا زۆر کەم رەنگە بە هیچ وەجهـ ناتوانێ ئەوەی بەمە بلێ کە لەو بەستێنەدا خانمەکان توانیویانە چالاکییەکی زۆر بکەن، خۆیان زۆر نیشان بدەین یان ئەوەی کە بەرهەمێکی باشمان لەسەر چیرۆکی خانمە نووسەرەکان هەبێ ئەمن خۆم وەک نووسەرێکی ژن وەکو کورد لەو بەشەدا زۆر رازی نیم. هەڵبەت مەنزورم لەوەیکە دەڵێم رازی نیم، لەخۆشم رازی نیم. ئەو جورەی دەبێ کار ناکەین، ئەو جورەی دەبێ خۆی لێ ماندوو ناکەین و کاری لەسەر ناکەین.

**سـەحەر بەرکەند:** مریەم خانم بەڕای جەنابتان ئایا چیرۆکی ژنانی کورد سنوورەکانی کوردستانی بەزاندووە یا نا؟

**مریەم قازی:** وەختێک دەڵێن زۆر زۆر کەم کارین و نەمانتوانیوە چوارچێوەی وڵاتی خۆشمان تەڵبەند کەین چۆن توانیبێمان سنوورەکان ببەزێنین؟ بە دڵنییایەوە نەمانتوانیوە و هێشتا جیهان گوێی لە گێڕانەوەی ژنی کورد بە گوێرەی پێویست نەبووە لە حاڵێکدا تاڵترین و پرکێشەترین و سەرنجراکێشترین بەسەرهاتمان هەبووە.

**مریەم قازی:** کەوابوو ئەمن دەڵێم لە وڵاتی خۆشماندا زۆر کەممان کارکردووە سەهلە توانیبێمان سنوورەکان ببەزێنین و بڕۆینە ئەوسەر و ئەوسەری جیهان، وەلی من یەک شتم پێ خۆشە بزانم بۆ هەر باسی چیرۆکی ژنان دەکەن؟! دەتانهەوێ مەسەلەن تایبەت جنسییەتی بەحسی ژنانە لەسەر ئەو شتە بکرێ بۆ؟! ئەوە بۆخۆی بۆ من بوو بە پرسیارێک بەڕاستی. هونەر بەستەرێکی ئینسانییە، ئەمە بێنین بەستەرێکی جنسییەتی بۆ ساز کەین واتا بیکەین ژنانە و پیاوانە بۆخۆی چەشنێ لە دوودانی ئەو جنسییەتی کردن و ئەو ڕوانگە پیاوسالارانەیە بەسەر ئەوەیدا کە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، بەڕاستی نە هەر لە بواری هونەردا بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا. وا باشترە بە گشتی باسی چیرۆک بکەین کە ئێمە وەک ئینسان، دوایەش وەک کورد، دوایە ئیتفاقەن وەکو یەک ژن یا وەکوو پیاو کە ئەو شتە کامیلەن ئیتفاقییە و گرینگ نییە ، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە چ ڕوانگەیەکمان هەیە چۆن ڕوومان لەو بەستێنە کردووە و ئەو ژانرەمان بە چ مەبەستێک هەڵبژاردووە و سەرەنجام چ بەرهەم دێنین؟

بەداخەوە ئێمە ئێستێ چاو لێکردنێکی تەفەنونیمان بە چیرۆک هەیە. یانی پێمان وایە وەکوو شتێکە کە سەرقاڵ دەبین پێی، نە هەر بەچیرۆک، بە گشتی بەهونەر. دە حاڵێکدا هونەر وەک یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای بەشەری، هەڵگری پێناسەی تەمەدونی چەند هەزار ساڵەی بەشەرییە. بۆ ئەوەیکە بەستەرێک ساز کا، بەستەنێک ساز کە ئێمە لەسەر ڕووداوەکان، لەسەر واقعەکان بە گشتی لەسەر ژیان و هەڵسووکەوتەکانمان پێداهاتنەوەیەکی خیرەدوەرزانەمان هەبێ نەک ئەوەیکە وەک تەفەنونێک هەر وەخت پێمان کرا، هەر وەخت پێمان خۆش بوو. حەتا دە گێڕانەوەکانیشیدا، دە خوێندنەوەکانیشی دا، دە باس کردنەکەشیدا ئەمە بە جددی

باسی ئەو شتە ناکەین. وەک کارێک بەلاوە کە هەم بکرێ، دەبێ و هەم نەکرێ، دەبێ. ئەو نەوعە چاو لێکردنە لە هونەر بە گشتی دەنێو دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردیدا بەنەزەرم خەسارێکی زۆر گەورەی لێ کەوتۆتەوە ئەوە هۆنەرە کە دەتوانێ کارێک بکا لە دۆخێکی یەکجار چێژبەخشدا ئەم مەجالە ڕەوانییە پێکبێنێ کە لە هەمانکاتدا کە ڕادەی توانایی و تەحەمولت بەرێتە سەری لە هەمان کاتیش لە توانەوە و تێداچوون لە ڕووداوەکاندا ، بە جۆرێک کە نەتوانین خوێندنەوەی بۆ بکەین بەرگری دەکا و بە عەقڵییەتێکی تازەوە دەبینەوە ئەکتەری سەرەکی بۆ دیاری کردنی چارنووسێکی نوێ و باشتر لە پێشوو.

**سەحەر بەرکەند:** مریەم خانم مەبەست لە ژن لانی جنسییەتی ژن نییە. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی لە ئەوڕۆدا سەرەرای ئەوەیکە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە ئاستی خوێندەواری لە پیاوان زیاتر نەبێ کەمتر نییە بۆچی لەو بوارانەدا وا بە کەمی دەردەکەون؟

یانی پێم خۆشە زیاتر ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەوە بدەین. هۆکاری لاوازی و کەمڕەنگی ژنان لە بواری ئەدەبیاتدا لە کۆمەڵگای ئێمە ئێستا لە چی دایە؟

**مریەم قازی:** یەک شتو پێ بڵێم هەمیشە بالابوونی ئاستی خوێندەواری هەرچەند دیارە یەکێک لە هۆکارەکانی کرانەوەکانی چاو و گوێیە بەڵام هەموو دەلیلی وەی نییە کە حەتمەن ژنیش بتوانێ بەقەد پیاو لە بەستێنەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی خۆی نیشان بدا، بە تایبەت کە چۆنچۆنی فێرکاری لە ئێراندا و ئەو سەرچاوانەی لە ناوەندەکانی فێرکاری دەخوێندرێن لەباری ناوەڕۆکەوە زۆر لاواز و هەر ئابدێد کردنەوەی ئەو عەقڵییەتە سوننەتێ و ناکارامەیە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە، ئەگەر سەرنجوو دابێتێ زۆر لەباری زانستییەوە هەژارە و کاتێک لە بەرهەمێکی دەرەکی و ڕۆژئاواییش کەڵک وەردەگرن تەواو لە وەرگێڕانەکەیدا بوومی و بە تەشریعی دەکەنەوە ، کەوابوو شتێکی وا فێرنابن کە بتوانێ یارمەتی روانگە و دارشتنەوەیەکی نوێ و بەرۆژیان پێبدا، هەربۆیە ئێمە دەبینین کە بە گشتی لە هەموو بەستێنەکاندا، لە هەموو بەستەرەکاندا ئەو جورەی دەبێ ژن ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە چوارچێوەی زۆر پڕ تەبعیزی جامعەی پیاوسالاری نجات بدە. ئەمە هەر نەک لە بەشی هونەریدا، لە بەشەکانی دیکەشدا ئەو جورە دەبێ دەرفەت عەمەلەن بۆ ژنان بەو جۆرەی چاوەڕوانی دەکرێ نەرەخساوە. ئەوەش دیسان خەسارێکە گشتی و ژن و پیاو هاوکات پێوەی گرفتارنئێمە

کۆمەڵگایەکی زانستی و هۆنەری نین ، وەکی کوتم هونەر کارێک دەکا کە ئەو شتانە لە دەوروبەرمانە جا ئەگەر کردبێمانە پێیکەرە، کردبێمانە تابلۆ، کردبێمانە چیرۆک، کردبێتمانە شێعر یا هەر شتێکی دیکە دیسان دەیهێنیەوە بەر باس و بەرچاوان کە پێداچوونەوەیەکی تازەمان بەسەریدا دەبێ . بۆیە ئەمە دەبێ فێربین کە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگاکەمان، ئەو چارە ڕەشیانە، ئەو نەهامەتییانە، خۆشییەکان یا زۆر مەسایلی دیکە کە ئەورۆ جامعەی ئێمە لەگەڵی دەستەویەخە حەتمەن ڕایگوێزینە سەر ژانرِی هونەر و بتوانین بە شێوەیەکی هونەری بۆ هەرمان کردنی وان، بۆ پێداچوونەوە بەسەر واندا، بۆ خوێندنەوەیەکی دووبارە و زۆر کاری دیکە بتوانین کارێکمان کردبێ و بتوانین هەنگاو هەڵێنینەوە، بتوانین بە دنیای بناسێنین، بەخۆمانی بناسێنین، بتوانین جارێکی دیکە بێ وەی هەروا سەرسەرەکی لێی تێپەڕین عاقلانە بیری لێ بکەینەوە، شتێکمان بداتە دەستی واتا تەولیدێکمان کردبێ، شتێکمان بەرهەم هێنابێ کە بکرێ و ئەگەری وەی پێش هێنابێ کە بە کاری کۆمەڵگاکەمان بێ، بە کاری ئەندامان بێ هەر وەک لە هەموو ولاتانی پێشکەوتوو دەبینی کە هونەر چ دەورێکی گرینگی هەیە لە سازکردنی شارەستانییەت، لە باسکردنی گرفتەکان بۆ خۆێندنەوە دووبارە، بۆ لێبڕاوکردنی گۆمەڵگا بۆ ئەوەی کە نیگایەکی تازەی هەبێ بەسەر ئەو کێشانەدا.

ئێمە وەک هەمووتان دەزانن لە پڕ کێشەترین ناوچەکانی دنیادا ژیان دەبەینە سەر. ئەو کێشانە لە بنەماڵە ڕا دەست پێ دەکە حەتا دەگاتە باڵاترین بەشی دەسەڵات و دوایەش لە دەرەوەی وی چۆنیەتی چاو لێکردنی زلهێزەکان لەسەر کێشە و گرفتەکانی ئێمە، چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ ئێمە، چۆنیەتی دەست تێوەردانی ئەوان لەسەر مەسایل و کێشەکانی ئێمەدا، مانۆڕێکی لەسەر ئێمە دەیدەن، مانۆڕێکی لەگەڵ ئێمە دەیکەن، تەعامولێکی کە هەیانە، تەعاروزێکی کە هەیانە و زۆر شتی دیکە. ئەوانە ئەرکی هونەرمەندان زۆر زیاتر دەکە یانی ئێمە زۆر لەوە زیاتر بەرپرسیار دەکە ئەوەی کە ئەمە دەتوانین چۆناوچۆن ئەم واقعانە لە حاڵەتی گوزاریش و ئەو شتەی بە عەینی دەبینرێ ڕایگوێزینە سەر دنیایەکی هونەری. وەکی کوتم کاردانەوەیەکی نوێی هەبێ و ڕوانگەیەکی نوێی هەبێ بۆ هەموومان، لێوبڕاومان بکە، ڕوانگەیەکی نوێمان هەبێ بەسەر ئەو کێشە و گرفتانەدا.

گرفت ئەوەیە بە گشتی هونەر نەناسراوە هەم لە نێو ژنەکاندا هەم لە نێو پیاوەکاندا ، ئەوە شتێک نییە تایبەت بە ژنان بێ کە

ئێمە بڵێین سەرەڕای ئەوەی کە ژن ئێستا دەتوانێ دەرس بخوێنێ و خوێندەوارە وەلی نەیتوانیوە زۆر خۆی بە دەستەوە بدا. ئەوە باوەڕێکی چەند هەزار ساڵەی لە پشتە، فەرهەنگێکی چەند هەزار ساڵەیە کە لە نێو ئێمەدا هەیە و بەداخەوە کە بەڕاستی ئەرزیشی هونەر ئێستێ ئەو جورەی دەبێ نایزانین. تەمەنی زۆری شارستانییەت بە مانای ئەوەی نییە کە هەموو بەشەکانمان جوان ناسیبێ یا کارمان بۆ کردبێ دەنا ناوچەی ئێمە لە تەمەن درێژترین ناوچەکانی دنیایە و تەنانەت هێندێک لە کارناسان لەسەر ئەو باوەڕن کە یەکەمین بنکەی شارستانییەتی بەشەری لە نێو کورداندا وەدی هاتووە کە چی دەبینن ئەوە دەلیل نابێ پەس بەنابەرین،چون بە گشتی سەرنجی باش و شایان و لە جێی خۆی بە هونەر ناکرێ و ئێمەش لە جامعەیەکی پیاوسالاردا دەژین دەبینین لەو بەشەشدا پیاوەکان دەستیان لە پێشترە دەنا دەستیشیان لە پێشترە بە مانای وەی نییە زۆر فەعالن یا ئەمە لە بەستەری هونەریدا زۆر زۆرمان تەولیداتێکی باش هەیە، نا. ئەوە خەسارێکە هەر دوو بەشی ژن و پیاو دەگرێتەوە وەلی ژنەکانی زۆرتر گرتۆتەوە، عیلەتەکەشی زۆرە، نەوعی نیگا بە ژنان، نەوعی نیگای خودی ژن بە خۆی. ژن هێشتا ئەو متمانە و باوەڕ بەخۆییەی کە دەبێ نیسبەت بە خۆی هەیبێ بە دەستی نەهێناوە ئێستاش وەک مەوجودێکی مونفەعیل و دەرەجە دوو دەتوانم بڵێم لە بەشی زۆریاندا چاو لە خۆیان دەکەن هەم بۆخۆیان ئەو نیگاهەیان هەیە بە نیسبەتی خۆیان هەم جامعە هەم پیاوەکان و زۆر دەلایلی دیکە کە یاسایە، شەرایەتی نالەبار و بەستەری نەخۆشی کۆمەڵگایە و زۆر شتی دیکە باعیس دەبێ ژنان نەتوانن ئەو جورەی کە دەبێ وەکوو پیاوەکان خۆیان لەو بەستەرەدا نیشان بدەن. ئەمەش بڕێکیش تەمبەڵ بار هاتووین یانی هەموو شت جورێک بووە کە ئینساهایەکی مونفەعیلی دروست کردووە ، جورێک بووە کە ئینسانهایەکی چالاک و فەعال و بزۆز و چالیشگەر و پرسیارکەری لە نێو خۆیدا پەروەردە نەکردووە و دەزانین بەستەری هونەر بەستەرێکە دەبێ بتوانێ لە دووی ئەو پرسیارانە بدا، پرسیار ساز کە، چالیش ساز کە و زۆر مسایلی دیکە. ئەمە دەبێ وەکوو شارەوەندێک لە پێشدا لە هەل و مەرجێکی کە هەیە نارەزامەند بین و پێمان وابێ دەبێ ئاڵ و گۆڕێک بەسەر دابێ، دوایە خۆمان تەیار کەین بە



زانست و بە تواناییەکی کە ئەگەری وە پێک بێنێ تەغیرات ساز بێ، ئیسلاحات و یان هەر نێوێکی لەسەری دادەنێین جا ئەو جار خۆی بۆ ماندوو کەین. لە هیچ کوێی دونیایە بۆ ئەو فەعالییەتانە فەرشی سوور ڕانەخراوە، ئەو دەستاوردانەی ئێستا دەیانبینن لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆری هەزینە بۆ دراوە، زۆر زۆری فەعالییەت بۆ کراوە، زۆر زۆر سەخت بووە بۆ ئەوانیش و ئێستا دەبینین کە توانیویانە خۆیان بگەیێننە ئاستێکی جەهانی، خۆیان بەگەیێننە ئاستێک کە دەتوانن بە شانازییەوە بڵێن ئەمە خاوەنی تەولیداتی باشین. بە گشتی ئەمە ناتوانین بەتەنێ ژنان لەو پێیەدا بەرپرسی بکەین چونکە ئەمە هەموو پێکەوە گرێ دراوین کۆمەڵگا گردوکۆیەکە لە فەرهەنگ، لە یاسا، لە ڕابردوو، لە باوەڕەکانی ئێستا، لە فێرکاری، لە ئەو ناوەندانەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پشکوتن یان بە پێچەوانەکەی .

کەوابوو هەموو و یەکێک لەوان ژن خەساری لێ دیتووە و خەساریش ساز دەکە. ئێمە ئەلان بەشێک لە خەسارەکان بۆخۆمان سازی دەکەین بەچی؟! بە تەمکینێک کەلەو شەرایتەدا دەیکەین، بە حەولێکی کە نایدەین، بە خوێندنەوەیەکی کە نایکەین، بە موتالعاتێکی کە نایکەین بەوەی کە ڕازین بە ئەوەندە زانیارییانەی کە هەمانە بەوەی کە حەساس نین، بەرپسیار نین، هەستیار نین لە ئاستی ئەوەی کە کاتەکانمان چۆن پڕ دەکەینەوە، نازانین، خۆمان ناناسین، خۆمان نەدیتۆتەوە. ئەوانە و هەزاران دەلیلی دیکە باعیسی وەیە کە ژنانیش وەک لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا ناتوانێ ئەو جورەی کە دەبێ لە بەشی تەولیداتی نووسین و هونەر و ئەو جورە شتانەدا دەوری خۆی نیشان بدە.

**سەحەر بەرکەند:** زۆر سپاس مریەم خانم. مریەم خانم ئەگە لە ئەدەبی فولکلۆر ورد بینەوە، هەر لە شێعری لایە لایەی دایکان هەتا داستان و چیرۆکی شەوانە بۆ منداڵان، لە تەواوی ئەو ئەدبیاتە دێرین و بە نرخەدا کە دەم بە دەم بە نەوەکان گەیشتووە، دەنگی مێهرەبان و هونەرمەندانەی ژنێک دێتە گوێ، کە وایە ژنان باشترین و سەرکەوتووترین شاعیران و چیرۆکنووسانی جیهانن. ڕای ئێوە سەبارەت بە ئەوەی چییە؟

**مریەم قازی:** ئەڵبەتە دایک بە پێی غەریزەیەک کە بە نیسبەت منداڵەکەی هەیەتی و بە تایبەت لە جامعەیەکی پیاوسالار و سوننەتیدا ئەو ئەرکی منداڵ گەورەکردن و منداڵ عاملاندن، منداڵ پێگەیاندن ئەرکی دایکە ، تەبعەن ئەو ڕابیتەیە دایک دەگەڵ منداڵ زیاتر دەبێ و ئەو پێوەندییە، ئەو نەوعە ئیرتبات گرتنە شێوەی جۆربەجۆری هەیە. یەکێک

لەوان لای لایە کوتنە، یەکێک لەوان حەکایەت کوتنە بۆ منداڵەکان. ئەوە شتێکە لە هەموو وڵاتانی دنیایەدا هەیە و هەشبووە. ئەمن بۆخۆم کە لە سەرەتاوە کوتم یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی بە چیرۆک نووسین عەلاقەمەند بووم، ئەو حەکایەتانە بوو کە دایکم بۆی دەگێڕامەوە بەڵام ناتوانم وەک شانازی یان وەکوو ئەوەی دابنێم کە دەبێتە باعیسی ئەوەی کە گەورەترین شاعیران و گەورەترین چیرۆکنووسانی دنیا ژنانن. ڕاستی ئەوە زۆر ئیمتیازێکی گەورەیە کە داوتانە بە ژنان و زۆر بەلایانەوە چوون بەڕاستی. پێم وابێ ئەوە شتێکە ساز دەبێ، شتێکە بە پێی زەرورەت، بە پێی بەرخوردێکی کە لەگەڵ منداڵ هەتە، بە پێی ئەوەی کە بە شێوەی غەریزی، بە شێوەی فێرکاری لە کۆمەڵگادا ئەو ئەرکە ئەسپێردراوەتە دایک و ژن ئەو شتە هەر بەڕێوە دەچێ ئەوەش لەوێ رابوەستێ کە جاری وایە هەر زە زمانی چیرۆک و لای لایە شتی زۆر غەیری عیلمی و کوشەندە لە ئاستی ئیستعدادی منداڵان لەلایەن ئەو دایکە نەخوێندەوارانەوە لە مێشکی منداڵ ڕۆکراوە کە تادوامین ساتی ژیانیان قەرەبوو نەکراوەتەوە. ئەوە ناتوانێ مزگێنی بەمە بدا کە بڵێین زۆرترین و باشترین و عالیترین شاعیران و چیرۆکنووسانی دونیا ژنن. ئەوە نەوعێک دڵخۆش کردنی زۆر سادە ئینگارانەیە، ئیتفاقەن جێگای ژنان لە بەستەری شێعر و چیرۆکدا زۆر زۆر بەتاڵە بەداخەوە و دەتوانم بڵێم نووسین تاڕادەیەکی زۆر ئێستاش لە وڵاتانی دواکەوتوو ، ئیش و بەستەرێکی پیاوانەیە. زۆر زۆر دەبێ زیاتر حەوڵ بۆ ئەوشتە بدەین، بواریان دەبێ بۆ بڕەخسێ، بۆخۆیان دەبێ حەوڵ بدەن کە ئەو بوارە لە پیش هەمووکەسدا بۆخۆیان بیرەخسێنن بۆخۆیان کاری بۆ بکەن، بۆخۆیان خۆیان زۆتر لەسەر ماندوو بکەن، چاوەڕوانی وەی نەمێننەوە بزانن کۆمەڵگا چ ئیمتیازێکیان دەداتێ. ئەوەش بۆخۆی نەوعێک بەرخوردی مونفەعیلانەیە کە ئەمە هەمیشە دابنیشین چاوەڕوان بین بزانین کێ چ ئاوانسێکمان دەداتێ، چۆن دەستمان دەگرن و پێمان دەگەیێنن؟ ئەمە ئینسانین، فەرقی ئینسان و بوونەوەرەکان ئەوەیە کە بەختەوەرانە تووەدەیەکی چکۆلەی لە نێو سەریدا هەیە بە نێوی مێشک کە زۆر زۆر جیاوازی دەکا لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی دیکە. شتی تاقانە و سەمەرەی پێ ساز دەکا، شاکاری گەورە گەورەی پێ دەخولقێنێ، شەرایتی پێ عەوەز دەکە، چوزانم تەسلیم نابێ و زۆر شتی دیکە. بۆیە ئەمن لەسەر ئەو باوەڕە نیم و پێم وایە تا ئەوەی ژنی کوردی بە تایبەتی بگاتە ئەو ئاستە کە بڵێین گەورەترین شاعیر و چیۆکنووسی دنیایەن زۆرمان ماوە و ئەگە لە ئێحساسات بوگزەرێین دەبێ زۆری خۆ بۆ ماندوو کە و زۆری مەودا هەیە لەگەڵی.

ژنانیش دەبێ فێربن خۆیان بنووسنەوە، خۆیان بگێڕنەوە، من لەو شەوانەدا میوانی خێزانی مامۆستا هەژار بووم. بەڕاستی وەختێک دەتدیت ژیان و بەسەر هات و چارەنووسێکی کە ئەو خانمە دەگەڵ ژیانی پڕ نەهامەتی مامۆستا تێپەڕاندووە نەنووسراوەتە جێی داخ بوو. شتێکە نەنووسینەوەکەی خەسارێکە یانی ئەمە دەبێ ئەوانە ببینین.



ژن بۆخۆی خۆی ببینێ بەسەرهاتی ئەو ژنە بێتوو بنووسرێتەوە بەنەزەری من هیچی وا لە چێشتی مجێور کەم ناهێنێ. ژنێکی کە تەواوی عومری لەولا و لەولا بووە، لە دەربەدەری بووە، لە ئاوارەیی بووە، لە تەنگدەستی و نەداری بووە، لە بەتەنیایی مانەوە بووە، هەر منداڵێکی لە وڵاتێک گەورە بووە، هەر منداڵەی لە جێیەک بەجێ هێشتووە و نەهایەتەن وەختێک کە دەچێ سەری یەکێک لە کوڕەکانی بدا هەم لە زمان دەکەوێ و هەم لە لاق دەکەوێ یانی بۆ هەمیشە بێدەنگ دەبێ ئەو بێدەنگییە بەداخەوە بێدەنگییەکی گشتییە بەسەر هەموو بەسەرهات و چارەنووسی ژناندا کشاوە بەنەزەری من چ ئەوەی قسە دەکا و چ ئەوەی قسە ناکا، بۆ خۆشمان ناوێرین و نازانین و ناگێڕینەوە، خۆمان نانووسینەوە و ئەوە بەنەزەری من زۆر زۆر دەردێکی گەورەیە زۆر زۆر خەسارێکی گەورەیە بەڕاستی دەبێ کاری بۆ بکرێ، خۆمانی بۆ ماندوو کەین لەخۆڕا دڵمان بەوە خۆش نەکەین کە چونکێ لای لایە دەڵێین یا چونکێ بڕێک حەکایەتمان دەست بە دەست پێ گەیشتووە و دەیگێڕینەوە ئیدی کار و ئەرکی ئەمە تەواو بووە. ئەو خانمەی خێزانی مامۆستا هەژار بۆ نموونە دەیهێنمەوە، ئێستا کە لە زمان کەوتووە هیچ کەس نازانێ چێ لەگەڵ گوزەراوە؟ چی بەسەر هاتووە؟ هیچ کەس وەکوو خۆی نەیدەتوانی ئەو شتە بگێرێتەوە، هیچ کەس وەک خۆی نەیدەتوانی بەمە بڵێ کە ئەو شەو و شەونخونیانەی دیتوویەتی، ئەو نیگەرانیانەی چێشتوویەتی، ئەو هەمووە دڵەڕاوکەیەی هەیبووە چۆن بووە و چۆن نەبووە؟! ئەوانە هەموو دەیانتوانی نە هەر ئی ئەو خانمە ئی زۆر کەسی دیکە دەتوانن ڕۆمان و شاکاری زۆر گەورە گەورە لێ بخوڵقێ، ئەمە ئەو دەم دەتوانین

بڵێین کارمان کردووە، جارێ فێعلەن هیچمان نەکردووە.

**سەحەر بەرکەند:** مریەم خانم لەو بەستێنە و لەو بواری ئەدەبیاتی چیرۆک و گێڕانەوە تا ڕادەیەکی زۆر پیاوانی کۆمەڵگای ئێمە کاریان کردووە کە ئێستا من قسە لەگەڵ ژنێک دەکەم چیرۆکنووسە، سرووشتیە کە پرسیارەکانم زیاتر لە بارەی ژنانی چیرۆکنووسی کوردەوە بێ یا لانی کەم باسەکەی ئێمە زیاتر باسی ئەو کەم و کۆڕی و بەربەستانە بێ کە لەسەر ڕگای ژنانی کۆمەڵگای ئێمە هەیە. قسەکەی جەنابت ڕاستە و ئەدەبیات و هونەر شتێکی ئینسانییە و باش وایە بە گشتی باسی بکرێ بەڵام لە کۆمەڵگایەک کە ژنانی تا ئەو ڕادەیە بێ بەرهەمن دەبێ هۆکارەکان دەست نیشان بکەین کە بۆ ژنانی کورد کەم کار دەکەن؟ خۆ ساڵانە دەرچووانی زانکۆمان لە پیاوان زیاترە، خۆ دەرسەدی خوێندەواری ژنان ئەگەر لە پیاوان زیاتر نەبێ کەمتر نییە. ئێوە لە بەینی قسەکانتاندا کوتتان کە ئێمە تەمبەڵین. ئایا پێتان وایە تەنیا تەمبەڵی ژنان کاریگەری کردووە لەسەر ئەم بەشە یا نا کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانە؟

**مریەم قازی:** ئەڵبەتە من ئیشارەم بەوەی کرد کوتم کە هۆکارەکان یاسایە فەرهەنگە، تەمەدوونی چەند هەزار ساڵەیە، ڕابردوویە، ئێستایە و بەتەنێ هەر تەنبەڵی ژن نییە. کوتم ئەو شەڕایتە ئینسانی تەمبەڵ بار دێنێ و ئەمە ژنانیش هەروەتر دەنا ڕاست دەفەرمووی بەپێی ئەوەی کە ژنان زۆرتر خەساریان دیتووە ڕەنگە هەڵگری وەی بێ پرسیارەکانیش تایبەتتر بکەینەوە لەسەر ژنان، چڕی کەینەوە، زیاتری باس بکەین، زیاتری بەرینە ژێر پرسیار و جێی خۆیەیەتی و حەقی خۆشیانە. بەحسی وەشم کردوە کە کۆمەڵگەی پیاوسالار و بەقیەی ئەو شتانە با دووبارەی نەکەومەوە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی کە ژن لە دۆخێکی ئاوا نالەباری ئەدەبی و نووسیندا خۆی ببینێتەوە هەروەها ئاماژەم بە ئەوەش دا گرینگە بزانین لەو ناوەندانە چ فێر دەکەن و چۆنە کە خرووجی ئەو زانکۆیانە کارناسانی کارامە و لێهاتوو نین .

مەبەستی من ئەوەیە کە بڵێم کێشەی ژنان وەکوو کیشەیەکی ژنانە چاو لێنەکەین، ئەوە زۆری فەرقە بەڵکوو وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری ئەوە بکەین و وەک چۆن بۆ بەشەکانی دیکە بۆ کێشەکانی دیکە حەول دەدەین بۆ ئەم کێشەیەش حەول بدەین. لە کۆمەڵگایەکدا وەختێک لایەنێک

تووشی خەسار دێ ، ئەو ئاسیبە بەتەنێ تایبەت بەئەو لایەنە نابێ. تەواوی کۆمەڵگا دەگرێتەوە یانی کێشەکە تەواو گشتی و کۆمەڵایەتییە و تایبەت بە خودی ژنان نامێنێ. هەرچەندی ژن دواکەوتووتر بێ، هەر چەندی ژن نەخوێندەوارتر بێ، هەر چەندی ژن غەیری فەعالتر و مونفەعیلتر بێ تەبعەن کوللی ئەو کۆمەڵگایە دەچێتە ژێر کاریگەری وەها قشرێکی کە ناتوانێ چالاک و بزۆز و فەعال بێ. بە پێچەوانەکەشی هەر وایە. یانی ژن ئەگە فەعال بێ ئەو جامعەیە بەهرەمەند دەبێ، شەرەفمەند

دەبێ لە دەسکەوتەکانی ژنان . بە پێچەوانە ئەگە نەشبێ لێی زەرەرمەند دەبێ . ئامارەکان نیشانییانداوە کە یەکێک لە قوربانییەسەرەکییەکانی کۆمەڵگای پیاوسالار هەربۆخۆیان پیاوەکانن! واتە نێونجی تەمەنی پیاوان کەمترە لە ژنان، نێونجی نەخۆشییەکانی جەستە و رەوان لە پیاواندا زیاترە، نێونجی خۆکووژی راستەقینە لە پیاواندا زیاترە و ... کەوابوو کەس لە کۆمەڵگای خەسار هەڵگردا سەرکەوتوو نیە. بۆیە ئەمن پێم خۆشە بەر لەوەی وەکوو کێشەیەکی ژنانە چاوی لێبکەین وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بیخەینە بەر باس. بۆیە زۆر بەو شتەش حەساسم لە زۆر کۆنفرانس و کۆنگران کە مەسەلەن

لەسەر مامۆستا هێمن دەگیرێ زەنگ بۆمن لێدەدەن دەڵێن مریەم خانم لەسەر ئەو بەشەی کە دەڵێ شیرین تەشی دەرێسێ قسە بکە کە باس ژنانە بۆ؟ دەلیلی؟ بۆ پیاوێک نابێ بێنێ لەسەر ئەو بەشە قسە بکە یا بۆ ژن دەبێ تایبەت بگەرێتەوە سەر بەحسە ژنانەکە و نابێ شرۆڤەی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێعرەکانی مامۆستا بکا؟ ئەوەیە کە دووبارە تووشی خەتەرمان دەکاتەوە، دووبارە نەوعێک نیگاهی ژنانە و پیاوانە یا پۆلێنبەندی ژنانە و پیاوانە ساز دەکەین کە هەزار ساڵە بەو دەردە دەناڵێین و زەربەی لێ دەبینین. ئەوەیە کە حەساسم دەکا بەو شتە. وەکوو کێشەیەکی ئینسانی چاوی لێ بکەین، وەکوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، کە هەم ژن هەم پیاو بۆ چارەسەری ئەو بەرپرسیارە و ئەوە شتێک نییە تایبەت بە ژنەکە بێ. دەستیشت خۆش بێ تۆزیحاتەکەت بەجێ بوو.

**سەحەر بەرکەند:** مریەم خانم ئێستا چالاکی ئەدەبی چ لە بواری فێرکاری و وانەی رێنووسی کوردی، چ لە بواری کارگای چیرۆکنووسی و ئەنجومەنە ئەدەبیەکان لە چ ئاستێک دایە لە کۆمەڵگای ئێمە؟

**مریەم قازی:** ئێستا ئەو بنکانە هەن، من بۆخۆم قەدەرێکی کلاسەکانی شێوازناسینەکانیشم دانابوو، لەم دوایانەدا کارگەیەکمان هەیە بەنێو کارگەی چیرۆکی بێ سنوور ، بە هۆی بەردەوامی و هۆگری ئەندامان لەو بنکەیەش دووبارەم کردەوە ئەو شێوازانە. بۆ ماوەی چەن ساڵان کارگای چیرۆکمان هەبوو کە لە خرووجییەکەی چیرۆکنووسی زۆر چاک هاتنەوە دەرێ وەکوو جەلیلی رەحیمی، سیروانی سەمیمی، شێرزادی ئەمینی، غەفووری پیرزاد و ... کە توانییان لە فیستواڵەکانی بانە پلەی یەکەم و دووهەم و سێهەم وەرگرن ، بنکەکانی ئەدەبی لە هەموو شارەکان هەن بەڵام بەو شێوەیەی کە دەبێ زۆر فەعال نین بە هەزاران هۆکاری وەک کەم بوونی ئیمکانات، گوشار بێجێ، کەم کاری ئەندامان و داسەپاندنی دۆخێکی ئەمنییەتی بەسەریاندا و ... ئەوەی کە دەتوانم بڵێم زۆر فەعالە و قامکی لەسەر دانێم کە فەعالییەتێکی ساڵانەی بەرچاویان هەیە لە بانەیە، بەختەوەرانە توانیویتی سازماندێهی زۆر باش بکەن و چیرۆک لەسەرتاسەری ئێران خڕ کاتەوە و ساڵێ بەرنامەیەکیان بۆ بەرێوبەرێ، هۆگران سرنجی پێدەدەن و بۆلای ڕادەکێشرێن، ڕەخنەگر و مامۆستای چاکی لەسەرە و ئەوانە زۆر باشە، ژنان زۆر پێشوازی ناکەن لەو بنکانە، ئەلان ئەمە بۆخۆمان ئەنجومەنەکانمان زۆر ئەندامانێکی کەمی لێیە دووبارە ژمارەی پیاوەکان چەند بەرابەری ژنەکانە، هەر ئەو چەن کەسەش کە بەشداری دەکەن ئەو جورەی کە دەبێ لە گۆڕێ نین زۆر بێدەنگن ئەمن زۆر لەوێ بووم لە ساڵی حەفتاوشەشەوە کە بۆخۆم یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی باڵای لێژنەی ئەدەبی مەهاباد بووم، لە دانیشتنی حەوتوانەدا دیتوومە بەداخەوە ئەوجورەی دەبێ بەشداریان نییە، ئەو جورەی دەبێ فەعالییەت ناکەن، ئەو جوری دەبێ ناخوێننەوە. ئیدی سی ساڵ بۆ وێنە عومرێکە، ئەنگۆ بیست ساڵ هاتووچۆی بنەکەیەکو کردبێ هەر دەرجا لێدەن و هەر شتێک فێر نەبووبێن بەڕاستی نیشان دەدە بەشێکی زۆر بۆخۆمان زۆر کەم کارین ئەو جورەی دەبێ فەعالییەت ناکەین. زۆرتری خانمەکان هەر نازرن و گوێ دەدەنێ، نە ڕەخنەی باش دەگرن، نە چیرۆکی باش دەخوێننەوە، نە بەشدارییەکی گەرم و گوڕ و چالاکیان هەیە. هەر دەڵێن عەلاقەمەند بەداستان هەین و دێن دادەنیشن جار نا جارێکیش ئەگە چیرۆکی دەخوێننەوە بەداخەوە چەند نەفەرێک نەبێ، ئەوانی دیکە هەر وەک خۆیان ساڵەها دووبارە بوونەتەوە، بۆخۆی وەکوو تاک لە ماڵێ خۆی ماندوو ناکا و ئاوا فایدەی نییە. وەلی دیسانیش کە ئەو بنکانە هەن توانیویان هەم لە باری ڕێزمانی، نووسین بە کوردی دەورێکی

باشـــییان هەبێ هەم لە بوارە کانی تری ئەدەبی یارمەتی هۆگران بدەن.

تاکی بەرپرسیار بێ هەڵوێست نامێنێتەوە، بێتوو ئەم تاکە هەســتیارە نووســەر بێ ئەوە نوسراوەی چاک بەرهەم دێنێ کە ئەم بنکـانە دەتوانن لەم پێیەدا یـارمەتی دەر بن.

بەتـایبەت ئەو بۆشـــاییە گەورەی کە فێرکـاری بە زمـانی دایکی نییە تـا ڕادەیەکی زۆر بە یـارمەتی ئەو بنکـانە قەرەبوو کراوەتەوە. بەڵام دەتوانێ زۆر زۆر لەوەی کە هەیە بـاشـــتر بێ. هەر چـیـەکە هەبـوونەکەی لە نەبـوونەکەی باشـترە. بەڵام حاشـا لەوەش ناکرێ زۆر کەمکـارن، دەبێ زیـاتر لەوەی هەیـە خۆمانی بۆ ماندووکەین بەڕاستی.

ئەمە لەو جـورە کـارانەدا مەعـمـوولەن فەردییەتی خۆمان فرامۆش دەکەین یانی پێمـانخۆشـــە دێینە نێو بنکەکـان و بەشـداری دەکەین بەڵام وەکوو فەردێکی چـالاک بەشـــداری نـاکەین. هەر ئەو سەرنجی پێویست نەدانە بە فەردییەتی خۆمان، بارنەهێنانی خۆمان، نەعاملاندنی خۆمان زۆری زەربە لێداوین.

بەتـایبەت کە ئێســـتـا دەتوانم بڵێم لە تاریخی مەتبوعات و کتێب و چاپەمەنی ئێراندا بێ وێنەیە ئەو هەمووە ســەرچاوە باشەی کە لە کتێبخانەکاندا دەبینرێ تۆز دەخۆن و نافرۆشـرێن، تۆز دەخۆن و کەس بەلایـانەوە نـاچێ. لە هەموو زەمینەیەکی فێرکـاری چیرۆکنووســین، ڕۆمـانهـای بەرچـاوی دنـیـایە چـیـرۆکـە کـورتە بەراوەکانی دنیا و... هەمووی هەیە وەلی زۆر کەم تـاقـولـۆق بەلایـانەوە دەچـن، تاقولۆق دەچن دەســـتی بۆ دەبەن بیکرن بیخوێننەوە. ئەوەیە خەســاری ســەرەکی، ئەمە ئێســـتا بۆخۆشـــمان بەو قەناعەتە نەگەیشتووین کە واقعەن دەبێ هونەر و ئەدەبیات و چیرۆک بە جیددی بگرین و کاری بۆ بکەین.

**ســەحەر بەرکەند:** زۆر ســپاس مریەم خانم. کۆتا پرسـیارم ئەوەیە. وەک ژنێکی بە ئەزمـوون و خـاوەن بەرهەم ئـایـا بەرنامەتان هەیە کە ژنان و کچانی تازە کـاری ئێمە لە بواری چیرۆکنووســیـدا ڕابـێـنـن وەک کـارگـەیەکـی چـیـرۆک کورســێک کە تایبەتمەند بکرێ بۆ تەنیا ژنـان و ئـایـا دەتوانێ بیرۆکەیەکی بـاش بێت؟

**مریەم قازی:** ئەمن بەداخەوە ئێستا زۆر نەخۆشــم، بە نەخۆشـــی شـــێرپەنجەوە گرفتـارم، بەردەوام لە ژێر دەرمـان و لە هـاتووچۆ دام. مـاوەیەکە چـالاکییەکـانم کەم بۆتەوە و زۆرتر مەحدوود بۆتەوە بە تێـلـگـرام. وەلی بـۆخـۆم لە مـاڵێ ، لە

نەخۆشخانە زۆرم نووسیوە و خوێندۆتەوە. لە بەرنامەم دایە کە شێوازناسییەکان کە هەمووم تایپ کردووە و ئامادەیە و لە تێلگرامدا دەرس بە دەرس بڵاو بۆتەوە چاپی کەم. وەکوو سەرچاوەیەکی زانستی بیخەمە بەرسەرنجی هۆگرانی چیرۆک و ئەگەریش خوا یار بێ و بتوانم چاک بمەوە و دووبارە بگەڕێمەوە سەر چالاکییە ئەدەبییەکانم، بۆچی پێم خۆشە ئەگەر بزانم هۆگر هەیە، قوتابی هەیە پێیان خۆشە دێن سەبتی نام بکەن، حازرم دووبارە کارگەی چیرۆک دابنێمەوە بەڵام نەک تایبەت ژنانە یان کچانە.

زۆر سپاس بۆ کاتێکی کە داتان بە من و گرینگێکی کە بە چیرۆک و گێڕانەوەتان دا . بەڕاستی جێی خۆیەتی ئەو بنکە مەجازییانەی دادەندرێن حەول بدەن دەورێکی زانستیان هەبێ تا ئەوەی کە هیندە وەختیان بەو پەیامە چکۆلە چکۆلە و بێ ئاکامانە پڕ کەنەوە. زۆر باش دەبێ بتوانن کە جاروبار یا زیاتر شێوازێکی تا ڕادەیەک فێرکارانە بگرنە بەرخۆتان، موفید بێ، کاریگەری هەبێ بتوانێ شوێنەواری خۆی دابنێ لەسەر چیرۆک و ئەدەبیات چون بەڕاستی ئەوانەی وەخت لەسەر تێلگرام دادەنێن وەکی دەزانن ئاماری ئێران دووهەمین وڵاتی دنیایە کە جەوانەکان دەچنە سەر تێلگرام. چ باشتر کە شتی باشی لەسەر ببینن و شتی چاکی لەسەر بخوێننەوە بتوانی کاریگەرییەکی موسبەت و ئەرێنی هەبێ لەسەر ژیان و چالاکی ئەدەبی و هونەرییەکانیان.

**تێبینی:** ئەم وتووویژە بەشێوەی دەنگ لە کاناڵی تێلێگرامی "بەرەو ڕۆژهەڵات"دا بڵاو بووەتەوە و کاناڵی تێلێگرامی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور"یش ئەرکی تایپ و دابەزاندنەکەی خستووەتە ئەستۆی یەکێک لە ئەندامەکانی بەناوی "کوردستان حاجبی" و ئەویش تایپی کردووە و، جارێکی تر خاتوو مریەم قازیش ئەرکی کێشاوە و پێیدا چووەتەوە و بۆ بڵاوکردنەوە لە چیرۆکەڵەدا بۆی ناردوویەنەتەوە.

# چیرۆکی میوان

## «شانازی»

بە بیری خۆم و باوک و باپیرانم، ئێمە هەر پەیکەرتاش بووین و لەڕێگای ئەم پیشەیەوە خۆمان بەخێوو، بژێویمان دەستەبەر کردووە. دەگێڕنەوە کە ئێمە ڕەچەڵەکمان دەچێتەوە سەر پەیکەرتاشەتایبەتییەکەی گانداش پاشای ئیمپراتۆرییەتی کاسییەکان و، لە کۆشک و تەلاری شاهانەدا چاومان بە جیهان هەڵپشکووتووە؛ ئەو پەیکەرتاشەتایبەتییەی کە کاتێک گانداش پاشای گەورە، بابێلی مەزنی داگیر کردو کۆتایی بە زوڵم و زۆرو، تالانکردن و، بەکۆیلەبردنی هاونیشتمانییەکانمان هێنا، پەیکەرێکی ناوازەی لێ داتاشی و لە بەرینترین گۆڕەپانی بابێلی پێتەخت دا قیتی کردەوەو دواتر، بەردەنووسێکی گەورەی لە پەنایدا چەقاند؛ ئەو بەردەنووسەی کە بە درشتی لەسەری نووسرابوو:

"من، گانداش پاشا، شاهی شاهان، فەرمانڕەوای بێئەملاولای چوارقوڕنەی جیهان، خوداوەندی وڵاتانی سومەر، ئاکەد، بابێل و ... "

مایەی شانازی و فەخرە بۆ من کە دوای سەدان و بگرە هەزاران ساڵ، ئێستاش ڕێی باوو باپیرانی خۆم ون نەکردووەو، سەر ڕێبازە پیرۆزەکەی ئەوانم داوەتەوە. ئەوە نییە هەنووکەش خەریکی داتاشینی بەردەمەرمەڕی ئەم پەیکەرە ناوازەیەم؛ پەیکەری لووس و نەخشینی کۆڵبەرێکی تەمەن حەفتاساڵ، کە قەرارە لە ساڵرۆژی پرشکۆی کرێکارانی جیهان دا، لە مەیدانی سەرەکی شار بیچەقێنین و لەسەر بەردەنووسەکەی بنووسین:

"من، پادشاه کولبران و باربران، فرمانروای بی قیدوشرط مرزهای کردستان، خداوند قاچاقفر کالاهای چینی، تایلندی، تایوانی و ..."

• ڕزگار لوتفی



# بەتامی چیرۆک

**ق - ع:**

قالەدایەرە ژیانی خۆی لەسۆنگەی گۆرانی کوتن و دایەرە لێدان دەگوزەراند. ئەو بۆ ئەو کارەی هەموو ڕۆژێک مێزەرە شل و شەویٚقەکەی لە سەری دەبەست و دەستی دەدایە دایەرەکەی و لە ماڵ دەردەکەوت. لە هەر شوێنێکی ئەو شارە چاوی بە زەماوەند بکەوتایە لێی وەژوور دەکەوت. ئەگەر شاییەکە شایەری لێ نەبوایە ئەوە بۆی دەبوو بە جێژن. بە دیتنی ئەو، خەڵکەکە ئازا زەفتەکەیان دەکووژاندەوە و ئەویش دایەرەکەی لە سەر لەپی دەستی دادەنا و دەستی بە گۆرانی کوتن دەکرد.

کاقادر لەو دەمەیرا شاییەکە گەرم دادەهات و لە عەزرەت چاوەچاو و شان تێکگیراندن، کەس گوێی لە گۆرانی ڕانەدەگرت، شێوەی گۆرانییەکانی دەگۆڕی و نێونێوە هەجویٚکی ئاژینی نێو زەماوەندەکە دەکرد.

دەڵێن ڕۆژێک لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری بۆکان دەچێتە زەماوەندێک و دەست دەکا بە گۆرانی کوتن. لەو جەنگەدا کە شاییەکە گەرم دادێ و باب بە سەر فەرزەندەوە نامێنێ، یەکێک هەست بە گۆڕینی وشەکان دەکا و دەبینێ کاقادر بە دەم دایەرەلێدان و گۆرانی کوتنەوە لە ئافرەتێک چۆتە پێشێ و دەڵێ:

هەنتک هەنتک هەنتکە

ق....ت دەڵێی گونتکە

بستێک لە خوار نێوکتە

بیدە، خێری باوکتە!

## مەلا ڕەسوڵ/ ئەندیزێ:

ســـاڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، دوای ئەوەی بۆ ئەوەڵین جار حاجی مامۆستای پسوێ لە ئەندیزێ ســـەردانی کردم پازدە نەفەری لەگەڵ بوون، بـاوەڕم پێ بکەن هەرچی هەبوو خەڵاســیان کرد. منیش زۆر فەقیر بووم هیچم نەبوو، تەنیا باوکم دووهەزار تمەنی پێـدابووم؛ کە میوانەکـانم هـاتن مەلا عوسـمانی قارنێ چوو ئەو شـتانەی کرین و هاتەوە:- سێ مریشک، کیسەیەک برینج، سـفرە؛ دەسـتەیەک ئیسـتیکان، میوە)

کوتم ئەرێ هیچ لە پووڵەکە ماوە؟

چاوێکی لێ کردم زۆر بە فەقیری هاتمە بەرچاوی، کوتی نەوەڵا قڕانێک نەماوە.

دوای ڕۆیشـتن دایکم بەپەرۆشـەوە کوتی ئەرێ مەلا لە دوو هەزارەکە هیچ ماوە؟

هەناسەیەکم هەڵکێشا و کوتم نەوەڵا دایە گیان هیچ نەماوە!

دایکم کوتی جا ئـــەوە کارە؟ بە ژەمێک قونفیل هاتن تالانیان کردین، هەموویان خوارد و ڕۆیشتنەوە!

وەڵا منیش زۆر پێ کەنیم، بەخوا خەرج و مەرجم لەیاد چۆوە.

کـاک "عەبڵا عـابـدی" برادەرێکی زۆر عەزیز و بەرێزی منە، زۆری پێ قەرزدارم و زۆری پیاوەتی بۆم بووە.

ڕۆژێـک تەلەفۆنی بۆ کردم کوتی: فلانە کەس لە بۆکانی یان لە تاران؟!

منیش تازە گەیشـــتبوومەوە بۆکان، کوتم: بۆچی دەفەرمووی؟

کوتی: کوتم بزانم ئەگەر لە تـاران بی سبەی من دەچمەوە بۆکان، ئەو ڕێگا دوور و درێژە ناخۆشـــە بە تەنیا لێخوڕم، ئەتۆم لەگەڵ بی، هیچ نەبێ ٥ـ٤ سـەعـاتی ماشـێنەکە لێدەخوڕی و دوو قســـەش پێکەوە دەکەین.

بە قەولی هاوڕێی ئازیزم کاک "ڕەحمەت مەریوانی: "پیاو ئەشـێ بەئەمەگ بێ، بۆ ڕۆژێکی وا جوابی چاکە نەدەیەوە ئەی بۆ کەنگێی هەڵدەگری؟

کوتم: بەڵێ سبەی لە تارانم!

هەســـتام بلیتی ئوتووبووســـم گرت و ئێواریٚ سـوار بووم و بەیانی گەیشـتمەوە تاران.

زۆر هیلاک بووم هەر گەیشـــتمێ، لەگەڵ کاک عەبڵا ســـوار بووین و ملی ڕێگای بۆکانمان گرت و وەڕێ کەوتین...

خەوم دەهات، هێنـدێک چیپس و میپس و خواردەمەنیمان پێ بوو، خوا هەڵنەگرێ بڕێکم لەگەڵ خوارد و چاشـــمان پێ بوو پەرداخێکم چاش خواردەوە تا گەیشـــتینە "کەرەج"...

کوتم: کاک عەبڵا خۆ جارێ ماندوو نی؟
کوتی: ناوەڵڵا

کوتم: بە ئیجازەت سەرخەوێک دەشکێنم و دوایی من دێمە پشت فەرمان.

ماندوو بووم، بە ئیجازەی خەوتم، خەوێکی خۆشم کرد، ئەوندەم نەزانی کاک عەبڵا هەرای لێ کردم و کوتی: بە ئیجازەم سەر خەوت شکاند؟! کوتم باش بوو چاوێکم لە سەر یەک دانا.

خۆم کێشاوە و سەرم هەڵێنا ئەو تابلۆیەم دی کە نووسرابوو: بەخێر هاتن بۆ شاری بۆکان!

کاک عەبڵا چاوێکی لێ کردم و کوتی: تۆ شەرەفت چەن شەو و رۆژ بوو نەخەوتبووی؟ کورە قەیناکا لەگەڵت لێنەخوریوم، ماڵی بابت کاول نەبێ پرخە پرخەکەت رۆژەرێیەک دەرۆیشت و مێشکی سەری بردم!

سەرم بەرداوە لە دڵی خۆمدا بە خۆمم کوت: عەمەدرێژ نەبی بەین و بەینەڵڵا جوانت جوابی چاکە و پیاوەتی داوە!

کەریم بەختیاری

•

**بۆکانی:**

خاڵی کورێکی رەفیقم لەنێو شکاکان کە یەکجار تورە و تۆسن بوو و بە قەولی کوردەواری خۆمان لەگەڵ ترێ بزن بەشەڕ دەهات چووە حەج و بوو بە حاجی و لە دەوری ماڵی خودا واتە کەعبە تۆبە دەکا کە ئیدی زوو تورە نەبێ و بۆ وەی ئەو قەولەی لەبیر نەچێتەوە قەت مێزەرە زەردەکەی حەجی دانەدەنا و تەواوی دەوروبەر و ژن و منداڵ حەسابوونەوە.

رۆژێک میوانی زۆریان دەبێ و شەش حەوت نەوەی هاروهاجی لەوێ دەبن و لە گەرمای نیوەڕۆی هاوینێ بە هاروهاجی هەدا نادەن. هەرچی دەڵێن مەکەن بابەحاجی تورە دەبێ و ئەو شتانە، تمەن ناکا. حاجیش ئەوە لێکەوە دەبێ خودایا چ بکەم چ نەکەم ناعیلاج مێزەرە زەردە لە سەری دێنێتە خوارێ و دەڵێ: حاجی گیان خەجاڵەتم تۆ لێرە بە، با بابی ئەوانە بگێم جا دێمەوە!

• سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"

